زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# ڕەنگدانەوەی شۆرشی ئەیلوول لە شعرەکانی عبداللە پەشێو، محمد رسول هاوار

## پرۆژەی دەرچوونە

پێشکەش بە بەشی کوردی کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆلێژی زمان

ئامادەکراوە لەلایەن:

نەوزاد مصطفی لاو

بەسەرپەرشتی:

د. نەسرین ڕەئوف سمایل

نیسان – 2024

## پێشکەش بە:-

پێشکەش بە دایک و باوکم کە هەموو ئەو میهرەبانی و پشتگیری و خۆشەویستییەیان پێبەخشیوم کە مرۆڤ دەتوانێت هیوای بۆ بخوازێت،وە پێشکەش بە هەموو ئەو مامۆستایەنەم دەکەم کە لە قۆناغەکانی سەرەتایمەوە تا دواقۆناغی خوێندن لەگەڵم بوون و یارمەتیان داوم هەمیشە کلیلی سەرکەوتنەکانم بوون.

## سوپاس و پێزانین:

سەرەتا سوپاسی خوای گەورە و میهرەبان دەکەم کە هاوکارم بوو لە کاتی خوێندن و ئامادەکاریم بۆ ئەم توێژینەوەیە. لە دڵەوە سوپاسی سەرپەرشتیارم بەڕێز نەسرین ڕەئوف دەکەم بۆ پشتگیری و هاندان و ڕێنماییەکانی بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە. بەبێ ئەو ئەم پڕۆژەیە تەواوکردنی قورس بوو، هەروەها سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم بۆ پاڵپشتی بەردەوامیان. سوپاس و پێزانینم بۆ زانکۆی سەلاحەدین و کۆلێژی زمان نیشان دەدەم کە دەرفەتیان پێدام بەردەوام بم لە خوێندنەکەم.

ناوەڕۆك

پێشەکی............................................................................................................................ 1
بەشی یەکەم ..................................................................................................................... 2
تەوەری یەکەم: کورتە باسێک دەربارەی شۆڕشی ئەیلوول ..................................................... 2
تەوەری دووەم: ............................................................................................................... 4
کورتەیەک لە بارەی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول (1975) ....................................................... 4
تەوەری سێیەم/ پێناسەو چەمک (شوڕش وشیعری شوڕشگێڕی).............................................. 6
بەشی دووەم.................................................................................................................... 10
تەوەری یەکەم................................................................................................................. 10
ژیانی عەبدوڵا پەشێو........................................................................................................ 10
تەوەری دووەم ................................................................................................................ 18
محەمەد ڕەسول هاوار ...................................................................................................... 18
ژیان و بەشێک لە نموونە شیعرەکانی.................................................................................. 18
ئەنجام ............................................................................................................................ 27
لیستی سەچاوەکان............................................................................................................ 28

## پێشەکی

شۆرشی ئەیلوول بەردەوام لەزەینی هەموو تاکێکی کوردایە و قۆناغێکە لە قۆناغە پرشنگدارەکانی مێژووی گەلەکەمان، هەرچی کەلێن و لایەنێکی وەرگرێن دە یەها باس هەڵدەگرێت ئێمە ڕەنگە ئەو توانایە لە خۆمان بەدی نەکەین کە بەو شێوە فراوانە وەرییگرین، هەر بۆیە لە دەرگای ڕەنگدانەوەی هەرەسی ئەم شۆڕشەمان داوە لەسەر شیعری کوردی وبۆ زیاتر چڕبوونەوە باسی رەنگدانەوەی ئەو هەرەسە مان کردووە لەسەر چەند شاعیرێکی کورد ئەوانیش ( محەمەد رەسول هاوار و عەبدوڵلا پەشێو )، باسەکەمان بە ناونیشانی ڕەنگدانەوەی شۆرشی ئەیلوول لە بەرهەمی بەشێک لە شاعیرانی کورد، لەو نموونانەش ئەو دوو شاعیرەن کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا،

ئەم توێژینەوەیە بێ گرفت نەبووە، کەمی کات وکەمی سەرچاوە و نەبوونی لێکۆڵینەوەیەك لەم بوارەدا کەمێک ڕێگاکەی لێ تەسک کردینەوە دوای ئەوەش بەشی هەرە زۆری ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستدابوون زیاتر شێوەی پیاهەڵدان و رازاندنەوەی ئەو شۆرشەی پێوە دیاربوو، دەتوانین بڵێین ئەدیبانی ئێمە نەیانتوانیوە واقیعیانە دان بە هەرەسی شۆڕشەکەدا بنێن، ئەمەش شتێکی ئاساییە لەبەر هەستێکی بەرزی نیشتمانیە زۆری و خۆشەویستی وڵات کە مرۆڤانێک نەیانتوانیوە باوەڕ بەو شکستەبکەن کە بە سەرمیللەتەکەیانا هاتووە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەبەشی یەکەم ڕێبازی مێژوویی پەیرەو کردووە بەڵام لەبەشی دووەمدا پەیڕەویی ڕێبازیی وەسفی شکاری کردووە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکیەک و دووبەش و ئەنجام پێکدێت، لەبەشی یەکەم لە ژێر ناونیشانی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوولی ونسکۆی شۆڕش پێکهاتووە لە دوو تەوەر، لە تەوەری یەکەمدا کورتە باسێکە دەربارەی شۆڕشی ئەیلوو، لە تەوەری دووەمدا باسمان لە چەمک پێناسەی شۆڕش کردووە و هەروەها شیکردنەوەیەک بۆ شعری شۆڕشگێری.

بەشی دووەم لە تەوەری یەکەمدا باسمان لە ژیانی شاعیران کردووە و لەتەوەری دووەمدا چەند نموونەیەکی شعریمان وەرگرتووە سەبارەت بەهەرەسی شۆڕشی ئەیلوول.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکی خوێندکارانەیە، بۆیە بەدەرنیە لە کەم و کورتی، سەرنج و تێبینیەکانتان دەبێتە مایەی زیاتر دەوڵەمەندکردنی لێکۆڵینەوەکەمان.

## بەشی یەکەم

## تەوەری یەکەم: کورتە باسێک دەربارەی شۆڕشی ئەیلوول

دوای ئەوەی شۆڕشی 14 ی تەمموزی 1958 سەرکەوت، ئاسۆیەکی بۆ گەلی کورد کردەوە بە یاداشتی بەشداربوونی گەلی کورد لە خەبات دژی رژێمی ( نوری سەعید )[1] دا دەستووری کۆماری عێراق ڕایگەیاند کە ( کورد و عەرەب لەم نیشتمانەدا هاوبەشن )[2].

بڕیاردان بە گەڕانەوەی مستەفا بارزانی و هەڤاڵەکانی بوو لە تاراوگەی ( یەکێتی سۆڤیەتی جاران ) بۆ بەغداد ، رۆژنامەیەکی کوردیش بەناوی ( خەبات ) بە ئاشکرا دەرچوو ، رێکەوتننامەی نێوان رژێمی عبدالكريم قاسم و بارزانی زۆری نەخایاند)[3]

( لە بەهاری ساڵی 1961 دا، حکومەتی قاسم بە یارمەتی هێندێک سەرۆک عەشیرەتی کورد دەستی کرد بە ئاژاوەی نانەوەیەکی چەکدارانە بۆ ئەوەی لە کوردستان شەڕهڵگیرسێنێ. ئەم سیاسەتە هەر درێژەی هەبوو، هەتا لە پاییزی ساڵی 1961 دا وای لێ هات کە کوردەکان بۆ پاراستنی گیان ومالی خۆیان ناچار بوون دەست بدەنە چەک )[4]

[1] نوری سەعید: لە ساڵی 1888 لە بەغدا لە دایك بووە، لە ساڵی 1903 پەیوەندی بە ئامادەیی سەربازی کردووە لە ساڵی 1906 بە پلەی مەلازمی دووەم دەرچووە، ناوبراو لە سەردەمی عوسمانیەکان لە خزمەتی سەربازیدا بووە، لەگەڵ هاتنی ئینگلیزەکان بۆ عێراق کەوتنە هەوڵی ئەوەی دەستگیری بکەن و دووری بخەنەوە بۆ هیند، بەڵام رایکرد بۆ میسر، دواتر بەشداریکرد لە شۆڕشی گەورەی عەرەبی، دوای کۆتایی هاتنی جەنگ ماوەیەک لە سوریا بوو لەتەک مەلیک فەیسەڵ، سەرەتایی ساڵی 1921 هاتەوە عێراق و لەو کاتەوە رۆڵی زۆری کارای لە رووداوەکانی عێراق و چەندین جار بووتە وەزیر و سەرۆک وەزیران. ناوبراو لە 15 ی تەمووزی 1958 لە بەغدا کوژراو. بڕوانە: ئەحمەد حەمەد ئەمین، چەند لاپەرەیەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2010، ل 94

[2] د. عبدالرحمان قاسملو، کوردستان کورد، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری، وەرگێر: عبدالله حسن زادە، چاپی دووەم، کتێبفرۆشیی سۆران، هەولێر، 2006، ل 329

[3] فیبی مار، مێژووی نوێ عێراق، وەرگێرانی: حەمە شەریف حەمە غەریب و شێرکۆ ئەحمەد هەویز، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، 2011 ، ل168.

[4] د. عبدالرحمان قاسملو، کوردستان کورد، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری، ل 330

* عبدالرحمان قاسم، ئەفسەرێکی سوپابوو، سەرکردەی شۆڕش 1958 بوو کە پاشایەکی رووخاند سەرۆک وەزیرانی بوو لە 1958 تا 1963 گەلێک چاکسازی رادیکاڵیی کۆمەلایەتیی ئابووری جێبەجێکرد لە 1963 لەلایەن بەعسەوە لە کۆدەتایەکدا کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی هات و کوژرا.

(مەلا مستەفا بارزانی لە دوای ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ عبدالکریم قاسم" تێکچوولە دوای کوژرانی یەکێ لە سەرۆک خێلەکانی زێباری هەواداری حکومەت لە بەغداوە پاشەکشەی کرد بۆ ناوچەی بارزان کە دەکەوێتە هەرێمی کوردستانی عێراقەوە )[5]

هەر زوو شەڕو کوشتار لە نێوان هێزەکانی بارزانی وهێزە نەیارەکانی لە عەشیرەتەکانی دیکە بەرپابوو کە حکوومەت پالپشتی دەکردن، لەگەڵ توونددتربوونی شەڕو کوشتار هەندێک بەشی دیکەی گەلی عێراق چووە پاڵ کە دوژمنداری کۆنی هاندەریان بوو، هەروەها حکومەت چەند گوندێکی کوردی تۆپباران کرد، لەوانەش خودی گوندی بارزان، ( دوا بەدوای ئەوەی سوپای عێراق ئامادەکردو چەند یەکەیەکی رەوانەی کوردستان کرا لە پایزی 1961 دا بە شێوەیەکی کردەیی شەڕ هەڵگیرسا )[6]

بەم جۆرە شەڕێکی درێژی چەند ساڵە دەستی پێکرد کە هەتا ( 11ی ئازاری 1970 کۆتایی نەهات)[7]

---

[5] حسن ظاظا عێراق، لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووە سیاسیەکانی ( یارت و رێکخستەکان ) لە ( 1908- 2005 ) وەرگێرانی، ئامانج نیعمەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2009 ، ل86.

[6] تشارلز تر ییچەند لاپەڕەیەک لە مێژووی عێراق، وەرگێر: محمد حوسێن ئەحمەد و عەبدولقادر کەلهور، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2010 ، ل206.

[7] د. عبدالرحمان قاسملو، کوردستان کورد، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری، ل 330

تەوەری دووەم:

## کورتەیەک لە بارەی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول (1975)

(( دوای بەیاننامەی 11 ی ئازاری 1970 و چوار ساڵ بارودۆخی نە شەڕو نەئاشتی لە کوردستاندا، لە ئەنجامی مل نەوانی حکومەتی عێراق بۆ مافەکانی کوردو دانەنان وپێیاندا لە نیسانی 1974 وە شەڕ بەگەرمی لە کوردستاندا دەستی پێکردەوە، نزیکەی هەموو کوردی باشور لە ژێر ئاڵای بارزانیدا کۆبوونەوە و دژی حیزبی بەعس وەستان، شەڕی ئەمجارە لەچاو قۆناغەکانی پێشوودا لە هەموو کات گەرمتر وسەختربوو ))[8]. پشتیوانی کوردیش لە شۆڕشەکەدا لەچاو قۆناغەکانی پێشووتردا لە هەموو کات فراوانتربوو، سەدان هەزار کەس چوونە ناو ریزی شۆڕشەکەوە (( لەوانە بەسەدان ئەفسەر، مامۆستای زانستگاو قوتابخانەکانی ناوەندی و سەرەتایی، پزیشک، ئەندازیار، پارێزەرو .... هتد. تۆپخانەی قورسی ئێران و شارەزاکانی بۆ پالپشتی کورد بەشداربوون))[9]. پێشمەرگەی کوردستان پاڵەوانانە بەرگرییان دەکردو توانیان زیانێکی زۆر بە سوپای عێراق بگەێنن، لەماوەی ساڵێکدا لە جەنگی سەخت  عێراق نەیتوانی هیچ دەستکەوتێکی سەربازی ئەوتۆ بە دەست بهێنێ زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بوو، (( لەنیوەی دووەمی ساڵی 1974 دا کاتێک دەسەڵاتدارانی عێراق زانیان لەرێگەی جەنگەوە هیچ دەستکەوتێکیان نابێت پەنایان بردە بەر مانۆڕەکردنی نێودەوڵەتی وکەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا ))[10]. چونکە جەنگی 1974- 1975 کورد – بەعس ئەگەری چی لە نێوان هێزە چەکدارەکانی کوردو جەیش عێراقیدابوو، لەسەر ئەرزی کوردستان ئەکرا، لەپێناوی ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا بوو، بەڵام لەڕاستیدا، (( ململانێی سیاسی – جەنگی ئێران – عێراق بوو، هێزەکانی کورد بە چەک و ئیمکانیاتی ئێران ئەجەنگان و بەعس بەچەکی روسی و ئیمکانیاتی نەوتی کەرکوک لەم ململانیەدا عێراق باڵادەستی بەسەر کوردا و ئێران باڵا دەستی بەسەر عێراق هەبوو))[11]

---

[8] سەروەر عبدالرحمن، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، دامەزراندنی و دەست پێکردنەوەی شۆڕش 1975-1976. چاپی یەکەم چاپی و پەخشی نەما، سلێمانی، 2002 ، ل16.

[9] نەوشیروان ئەمین، لەکەناری دا نوبەوە بۆ خیری ناوزەنگ (دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عێراق)1975 -1978 ، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، 1997 ، ل20

[10] د. کەوسەر عەزیز گەلالی، باشووری کوردستان لە ساڵی 1958ەوە تا ئەمرۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کاروان، هەولێر، 2009 ، ل 53-54.

[11] نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دا نوبەوە بۆ فری ناوزەنگ (دیوی ناوەوە لە رووداوەکانی کوردستانی عێراق)، ل23 .

هەروەها ئێران تەنیا دەوڵەت بوو کە سنوورەکانی لە رووی پەنابەرە کوردییەکاندا واڵا کردوە، جا دەوڵەتی عێراقی لە ڕێگەی دەوڵەتی میسرو جەزائیر پاش کۆنگرەی ولاتە عەرەبیەکان (( لە کۆتایی تشرینی یەکەمی 1974 بە نهێنی کەوتنە دانوستاندن لەگەڵ ئێران، دواتر لە کانونی 1975 لە ئەستەمبوڵ وەزیرانی دەرەوەی عێراق و ئێران چاویان بە یەککەوت کە کەش وهەوایەکی لەباری بۆ چاوپێکەوتنی لێپرسراوانی هەردوو وڵاتی ئێران و عێراق خوشکرد لەسەر ئاستێکی باڵاتر ))[12]. ئەمە دواکارتی بەعسیەکان بوو لە ڕووی گرتنە بەری تەقەلای سیاسی و دبلۆماسیانە بۆ لە باربردنی شۆڕشی کورد، (( لە ڕێکەوتی 6 ی ئازاری 1975 دا رێکەوتنامەی جەزائیر لە شاری (الجزائر)دا لەنێوان (صدام حسێن) و (شای ئێران)دا مۆرکرا ))[13] ئیتر دوای تێپەربوونی دوو هەفتە بەسەر (( ڕێککەوتنامەی (الجزائر)دا سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول ڕایگەیاند شۆڕشی نەما، چەک فڕێ بدەن و هەرکەس ئازادە چ ڕێگایەک بۆ چارەنووسی خۆی هەڵدەبژێرێت، کارەساتێکی گەورە سەرانسەری کوردستانی و بەتایبەتی کوردستانی باشووری گرتەوە خەڵکی کوردستانی باشوور کەوتنە نێو قەیرانێکی بتوێنەوە، نائۆمێدی و بێبروایی تەشەنەی کردو چۆکدادان و پەرێشانی تەنانەت دابەزینی هەست و هۆش نەتەوەیی گەیشتە سنورێکی نەبینراو باوەڕ پێنەکراو ))[14].

---

[12] د. کەوسەر عەزیز گەلاڵی، باشووری کوردستان، لە ساڵی 1958ەوە تا ئەمڕۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کاروان، هەولێر، 2009 ، ل 540 .

[13] عیسی یزمان، نهێنی بەستنی پەیمانی 1975 ی لە ئەرشیفی تەواوی نهێنی ساواک، وەرگێرانی: ناسر ئیبراهیمی، سوید، 1997، ل.90

[14] فاتح ڕەسول، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپی لە کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2005 ، ل345 .

## تەوەری سێیەم/ پێناسەو چەمک (شوڕش وشیعری شورشگێڕی)

شۆڕش و شیعری شۆڕشگیری زادەی مرۆڤە لە پێناوی ئامانجێکی دیاریکراو تا ئەوەی کە کەسەکان ئامانجیان بەدەست بهێن کەسایەتیە شۆڕشگێرەکان لە پێناوی ئەودا کە دەیانەوێ نەتەوەیەک لە جەورو ستەم رزگار بکەن شاعیریش بە نووسینی شیعر بۆ وەسفکردنی خەباتی شۆڕشگێری خۆی تێکەڵی ئەم بیرۆکەیە دەکات ولە پێناوی رازانەوەی خەباتی شۆرشگێران، جا بۆیە ئێمەش دەمانەوێت لەم روانگەیەوە تیشکێک یان سەرنجێک بخەینە سەر ئەوەی بزانین (شۆڕش) وە (شیعری شۆرشگێری) چۆن نووسەران لە بارەیەوە دواون. هەر بۆیەش لەبەشی یەکەمدا وە لە تەوەری سێیەمدا پێناسەو چەمکی (شۆڕش) و شیعری شۆڕشگێری دەمانەوێ بیانخەینە ڕووکە لە دیدی نووسەران و رۆشنبیرانەوە هەر یەکەیان بە شێوەیەک پێناسەو باسی جیایی بۆ کردووە بەم شێوەیە:

## 1- شۆڕش

شۆڕشیش بەشێکە لە گۆڕان، بەو گۆڕانکاریە ریشەیی و چۆنایەتیە دەوترێ کە لە بوارەکانی ژیان یان لەیەکێ لە بوارە گرینگەکان دەکرێ، مانای گۆڕینی واقعێکە بە واقیعێکی تەواو جیا، ( یان وەک ( دائرە المعارف العالمیە ) پێناسەی کردووە" بریتییە لە گۆڕینی ڕیشەیی لە بناغەکانی کۆمەڵ، هەندێ جار بەمانای باسی شۆڕش رۆشنبیری یان شۆڕش تەکنەلۆجی یان کشتوکاڵی دەکرێ، مەبەستی بازدان وە وەرچەرخان و پانتایەکی فراوانە لە گۆرین، هەروەهاش جاری وایە واقیعێک ( جا کۆمەلایەتی، سیاسی، بێت چ ئیداری و دەزگایی بێت یان زانستی و چاکسازی بێت ) گۆڕانکاریەکی زۆری پێویستەو کەڵەکەی کردووە، دەڵێن ئەوە ناگوڕێت شۆڕشێکی دەوێ .. واتە شۆڕش گۆڕانێکی بە تەوژمی زیاترە، بریتی دەبێ لە : تەقاندنەوەی ئەو گۆڕانە چەندایەتیانەی کە کەڵەکە بووە بۆ چۆنایەتی، لە پلە پلەی بۆ بازدانی، لە سنورێکی دیاریکراو ویەک لایەنی بۆ فراوانی هەمەلایەنی، لە ئاساییەوە بۆ ناکاو )[15]

لێرە دەمەوێ هەندێ لەو پێناسانە بخەمە ڕووکە بۆ شۆڕش کروان وە هەر یەکەیان مانای جیاجیا لەخۆ دەگرن:

---

[15] مسعود عبدالخالق، موسوعەی جودی، بۆ چەمک و زاراوەکانی سەردەم، بەشی یەکەم، لەبلاوکراوەکانی نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە، ساڵی چاپ، ( 1428 ک – 2008 ز ) ، ل 100.

پێناسەکان:

(( 1- لە فەرهەنگی حیزبی بەعس ( ئینقلاب ) ڕۆڵی شۆڕش دەبینێ و ( حیزبی ئینقلابی ) بە پێویستیەکی مان ونەمان دەزانێ.

2- ( قاموس مصطلحات السياسية الدولية (( سموح فوق العادة ) پێناسەی یاسای کردووە و دەڵێ (( شۆڕش ئەوەیە کە گۆڕینێکی ڕیشەییە بە ئامرازێک بە دەر لە دەسەڵاتی دەستوری ئەنجام دەدرێ ))

3- مارکس: شۆڕش بریتییە لە گۆڕینی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بەشێکی پێیان وایە هەردەم شۆڕش دادگەریە لە دژی چەوسانەوە، دوای ئەویش دەبێتە چەوسێنەر بەڵام پرۆسەکە لە کۆتایدا جیهان بەرەو دادگەری ڕادەکێشێت ( لەوانە: برۆدۆن، کرۆبونکین، ....)

4- موسوعە السیاسیە:- پێی وایە ناسینەوەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و جیاوازیەکانی لەگەڵ شۆڕشی زانستی وکەلتوری وئابووری ئەوەیە کەمێک توندوتیژ و ناکاویە، هەرچی دووەمە هێمن و لەسەرخۆیە ))[16]

هەر لەکتێبی مەوسوعەی جودا دا چەند پێناسەیەکی تر کراوە بە پێویستی دەزانین کە بیخەینە ڕوو بۆ نموونە: سۆرکیوت لە ساڵی (1947 دەڵێ (( شۆڕش هەرگیز پاڵنەرەکەی ئابوورییە بەڵام جاروایە بەرگی ئاینی یان نەتەوەیی یان نەژادی لەبەر دەکات بەهەمان شێوە لیبراڵە دیموکراسەکان پێناسەی شۆڕشیان کردووە و دەڵێن شۆڕش تەنها لەو دۆخانە مانای شۆڕش وەردەگرێ کە گۆڕینی دیکتاتۆری و تاکرەویە بۆ دەسەڵاتێکی دیموکراسی ))[17]

ئامانجی هەموو شتێک بریتیە لە بنیاتنانی جیهانێکی نوێ و دەستپێکردنی سەرەتایەکی تر بۆ پێکەوە ژیانی ئازادانەی ئەوەی گروپ و چینەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ یەکتر یەکێک لە گرینتیەکانی ئەم جیهانە نوێیەش، بریتیە لە داهێنانی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی نوێ کە نەک تەنها دونیایەکی نوێ بۆ نەوەی تازە دروست بکات بەڵکو، کۆی پرسە کۆمەڵایەتی وئابووری وسیاسیەکان ڕێک بخەنەوە، گومانی تێدانیە پرسە گرنگەکانی شۆڕش لەسەردەمی نوێدا، وتا دوای شۆڕشی فەرەنسی و ئەمریکی بریتیی بوون لە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت وجیاکردنەوەی دەسەلاتەکان لە یەکترو سەروەریەتی یاساو جیاکردنەوەی کایە شەخس و لەکایەی گشتی و پرسی هەژاری وهتد ... مارکس لە دێرێکدا زۆر بە قوڵبینی ئەم پرسە گرنگانەی کۆکردۆتەوە دەڵێت (( پرسی سەرەکی شۆڕش بریتییە لە بەژداری سیاسی و بەشی هەبووش ئابووری ))[18] کێشەی زۆرینەی ئەو شوێنانەی کە لەسەر چەشنی شۆڕش فەڕەنسی و دەوڵەتی کۆماریان دروست کرد، بریتی بوون لە جێبەجێکردنی ئەم خاڵانەی سەرەوە بەڵام بەجۆرێکی زۆر فۆرماڵ* و بیرۆکراتی** کە لە دوای شۆڕشی چەمکی ئازادی تینیاندا فەرامۆش دەکرا. هانا نارنیت دەڵێت (( شۆڕش بریتیە لە دامەزراندنی ئازادی ئەو ڕای وایە فەرامۆشکردنی چەمکی ئازادی وکردنی شۆڕش بە پرسێکی کۆمەڵایەتی ڕووت یەکێکە لەداهێنانەکانی شۆڕشی فەڕەنسی، کە تاوەکو ئەمڕۆ کێشەی گەورەی بۆ ئازادی دروست کردووە بە

---

[16] مسعود عبدالخالق، موسوعەی جودی، بۆ چەمک و زاراوەکانی سەردەم، بەشی یەکەم، لا 156.

[17] مسعود عبدالخالق، موسوعەی جودی، بۆ چەمک و زاراوەکانی سەردەم، بەشی یەکەم، لا.157

[18] سەرچاوەی پێشوو، لا 153

* فۆرماڵ: لێرەدا بەمانای (ڕەسمی دێت).

** بیرۆکراتی : ئەم چەمکە ئاماژە بۆ ئەو ڕێباز و شێوازانە دەکات کە لە هێنانەدی ئامانجی دەزگاکاندا بە کاردەهێندرێن. بڕوانە: خەسرەو میراو دەلی، فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناس، ئینگلیزی، عەرەبی، کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، 2006 ، ل 40 .

پێچەوانەوە شۆڕش ئەمریکییەوە کە پرسی ئازادی تێدا گەورەترین رووبەرووی داگیرکردوو ))[19] ڕەگەزی هەرە گرنگی شۆڕشی دامەزراندنی ئازادیە، دابەشکردنی دەسەلاتەکان وجیاکردنەوەی دینە لە دەوڵەت، لەوڵاتی ئێمەدا دەوڵەتو حکومەت لە پرسی ئازادیدا بەتەواوی غائیبن.

هەر لە رۆژنامەی ئاوێنەدا لە ژ ( 208 ) لاپەرە ( 13 ) لە گۆشەی لە نزیکەوە بابەتێکی دیکە بەناوی (وشە - شوێن - ئازادی ) کەبەم شێوەیە باس لە شۆڕش دەکات و دەڵێت :

(( شۆڕشەکان مەرج نیە یەك فۆرمیان هەبێت، بەڵام لە هەموو فۆرمەکانیاندا یەك خەسڵەت کۆیان دەکاتەوە ئەویش چەمکی ئازادیە، شۆڕش گەڕانە بەدوای ئازادیدا، دەشێت بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش توندوتیژی بەکاربهێنرێت ))[20]

شۆڕش لە سەرەتاوە تاکۆتایی بە چەندین هەوراز و نشێو، بە چەندین کۆسپ کەندەلاندا ڕائەبوێرێت، چەندین جار توشی هەڵچون و نیشنەوە ئەبێت، (( چەندین رێکەوتن و سەرکەوتنی گەورەو بچوکی بەسەر دێت ڕەوتی گۆڕان و گەشەکردنی شۆڕشی بریتیە لە زنجیرەیەك نوچدان، هەڵسانەوە هەلاگوتن و ڕاست بوونەوە، دۆراندن و بردنەوەی ... پێکەوە بەستراوە ... تادواسەرکەوتن بە دەست ئەهێنی ))[21].

هەروەها چەند بۆچوونێکی ترش هەن سەبارەت بە پێناسەکردنی شۆڕش کە بە بۆچوون مارکسیەت مێژوو ئەم ( 5 ) جۆرە شۆڕش سەرتاسەری و ئەم ( 5 ) قۆناغی بەخۆوە بینیوە :

(( مەعاشی، بەندایەتی، دەربەگایەتی، سەرمایەداری، سۆسیالیستی ))[22].

زۆر زانای ترش رایان وایە هەر قۆناغێك بەندە بە شۆڕش وەك (( گوردی چایلد ) دەڵێ : (گۆڕان لە درندایەتی بۆ بەربەری شۆڕش بووە، لەبەر بەریەوە بۆ مەدەنی دیسان شۆڕشێکی تر بووە، پێی وابوو ئەو شۆڕشەش ( دۆزینەوەی نووسین ) بووە، بەشیەکی تر دۆزینەوەی ئاگر بە شۆڕش شارستانی لە قەڵەم دەدەن ))[23] .... هتد.

---

[19] ڕێبین هەردی و ئاراس فەتاح، گۆشەیەکە بە ناوی ( لەنزیکەوە ) ڕۆژنامەی ئاوێنە .. ژمارە ( 206 )، ل 13 ساڵ.

[20] ڕێبین هەردی و ئاراس فەتاح، ڕۆژنامەی ئاوێنە، گۆشەیەکە بە ناوی ( لەنزیکەوە ). ژمارە( 258 ) ، ل.13

[21] نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دا نوبەوە بۆ فڕی ناوزەنگ (دیوی ناوەوە لە رووداوەکانی کوردستانی عێراق(، 1975 – 1978، ل. 230

[22] مسعود عبدالخالق، موسوعەی جودی، بۆ چەمک و زاراوەکانی سەردەم ، ل 159 - 160.

[23] مسعود عبدالخالق، موسوعەی جودی، بۆ چەمک و زاراوەکانی سەردەم، ل.132

## 2- شیعری شۆڕشگێڕی :

لێرەدا بەپێویستی دەزانین پێش ئەوەی چەمك و پێناسەی شیعری شۆڕشگێڕی بخەینەڕوو چەند پێناسەیەکی شیعر کراوە لەلایەن زانایانەوە یاخود ئەدیبانەوە بیانخەینەڕوو بۆ زیاتر روونکردنەوەی چەمکی شیعر.

1. ( ابن طباطبا ) لە پێناسەی شیعردا (( راستەوخۆ پەنای بۆ رێکوپێکی هاوکێش شیعر بردوە، لای ئەم ( رەنگ ) ی شیعر ئەبێتە بنچینەی شیعر و لەئاستی دەلالاتی رێزمانی جیا ئەبێتەوە ))

3.هەر لە کتێبی شیعری سیاسی کوردیدا پێناسەیەکی دی بۆ شیعرکراوە و دەڵێت (( شیعر بریتیە لە گونجانی نەغمەی فۆنەکانی زمان )).

3. ابن سینا لە پێناسەی شیعردا لە کتێبی ( جوامع علم الموسیقی ) لاپەرە ( 122 ) دا بایەخێکی یەجگار زۆری یە ڕەگەزی شیعردا وە و دەڵێت (( شیعر ئاخاوتنێکی بە بیردا هاتووە لەو پێژانە پێکهاتووە، خاوەن لەنگەرێکی گونجاوی هاویەکی دوو پاتەوە بووە و لەسەر هەمانی کێشە کۆتایی بیتەکانی وەك یەك وان ))[24].

چەمك و پێناسەی هۆنراوەی شۆڕشگێڕی :-

مەبەست لە شیعری سیاسی ئەو شیعرەیە کە ئەرکی دەربڕین ئەو بیرو باوەڕانەی بێی بینراوە کە پەیوەندییان بە حوکم و دەسەڵات وسیستەمی بەرێوەبردنی کۆمەڵ و وڵاتەوە هەیە و هەروەها باسکردن لە قەوارەیەکی سیاسی وڵات و خۆشەویستی نەتەوە دەگرێتەخۆ، دیارە ئەم هەست و دەربڕینانەش ڕەگێکی قوڵیان هەیە بۆ سەردەمێکی کۆنی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی دەگەڕێتەوە ( بەڵام دیارە دەربڕین لەو کێشەو گیروگرفتانە بە شێوەیەکی ساکارانە بووە )، ئەو سەردەم و کاتانەی کەتیایدا شاعیران لە دەورو پشت و دراوسێکانیان روانیوە و درکیان بەو راستیەش کردووە کە هەر نەتەوەیەکی خاوەن وڵات و قەوارەی سیاسی سەربەخۆ خۆیەتی و بینیویانە کە هەر نەتەوەی کوردە بەدەست داگیرکەرو نەیارانی کورد دەناڵێنن و دەچەوسێندرێنەوە لەگەڵ بوونی هەموو ئەو مەرجانەی کە بوونی دەوڵەت پێویستە لە (( زمانی سەربەخۆ، نەتەوە، ئاین .... ))[27] لەبەر ئەوەی کورد تا ئێستا خاوەن قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆی بۆ خۆی دابین نەکردووە شیعرە سیاسیەکەش ڕەنگدانەوەی ئەو واقعیە تاڵەیەتی وهانی رۆلەکانی ئەدا خەبات وکۆشش لە پێناوی دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ لە کوردستاندا بکەن. (( ئەحمەد موختارجاف )یش کاتێك وا هەست دەکات کە کاتی ئەوە هاتووە، پشت لە شیعری دڵداری بکاو بە شیعرەکانی رووکاتە خزمەتکردنی نەتوەو نیشتمانەکەی و بەرگری لێ بکات، نموونەیەك لە شیعری سیاسی ئەحمەد موختار جاف کە دەڵێ :

(( لا دە عاشق لەباسی عەشقبازی و سەیربکە

چۆن خەریکم چەند کەسێ ئێستا وەتەن وێران دەکەن))[28].

بەم شێوەیە دەبینین کە دیارترین ئەرکی شیعر لەم قۆناغەدا ( ئەرکی سیاسی ) بووە و سەرجەم شاعیرانی کورد پەیام دارانە ئاوێنەی کێشە سیاسیەکان بوون و زۆربەی دەقەکانیان بەرەو ئەو ئەرکە سیاسیە بردووە ....

---

[24] عبداللە ئاگرین، شیعری سیاسی کوردی لەباشووری کوردستان لەیەکەم جەنگی گێتەوە تا ڕاپەرینی شەشی ئەیلوولی بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی، ( 1939 – 1919 )، چاپی یەکەم، 1996 ، ل. 14

[27] نەسرین ڕەئووف ئیسماعیل، ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ل 111.

[28] دیوانی ئەحمەد موختار جاف، د. عزدین مستەفا ڕەسول، چاپی سێیەم، چاپخانەی تاران – پەنجەرە ،2018، لا 105.

بەشی دووەم

تەوەری یەکەم

رەنگداوەی شۆڕشی ئەیلوول لە شیعرەکانی(عەبدولا پەشێو)

ژیانی عەبدوڵا پەشێو

(( عەبدوڵا کوڕی محەمەد، نازناوی پەشێوە لە ساڵی 1946 لەدێی بێرکۆتی سەر بە هەولێر لە دایك بوو و قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیشی هەر لە هەولێر تەواو کردووە پاشان بەهۆی کورد پەروەریەوە گیراوە، بەڵام لە زیندان رایکردووە وچووەتە ئەوروپا و ماوەیەکیش لە مۆسکۆدا ماوەتەوە، هۆنراوەکانی ئاوێنەیەکی باڵامان بۆ ژیانی کوردەواری هەروەها شیعرەکانی بواری زۆری دەگەڕێنەوە سەر لایەنی نیشتمانی و ئەڤینی ))[29] .... هتد

(( لە ساڵی 1970 لە دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد لە بەغدا بەشداری کردوە. لە ساڵی 1973 ڕۆیشتە یەکێتی سۆڤیەت و لە ساڵی 1979 ماستەری وەرگێرانی ڕووسی و ئینگلیزی لە زانکۆی Maurice Thorez لە مۆسکۆ وەرگرتو ساڵی 1984 (( دکتۆرای ئەدەبیاتی هێنا کە تیۆرەکەی لەسەر شاعیر ونووسەری کورد پیرەمێرد بوو لە ساڵەکانی 1985 تا 1990 لە زانکۆی ئەلفانیح لە ( لسا ) مامۆستا بوو. پەشێو لە ساڵی 1995 وە دانیشتووی فیلەندایە ))[30]

گرنگترین بەرهەمەکانی پەشێو :

- (( فرمێسك وزام ( 1965 - 1967 ) چاپی یەکەم کەرکوك 1997.

- بتی شکاو ( 1967 - 1968 ) چاپی یەکەم کەرکوك 1998.

- شەونامەی شاعرێکی تێنوو ( 1968 - 1972 ) چاپی یەکەم بەغدا 1972

دوانرە وانە بۆ منداڵان و چەند شیعرێکی قەدەغە ( 1969 - 1973 ) چاپی یەکەم بەرلین 1970

- شەونیە خەونتان پێوە نەبینم ( 1973 - 1979 ) چاپی یەکەم بەغدا 1980

- برووسکە چاندن ( 1980 - 1988 ) چاپی یەکەم سوید 2000

- پرێسکەی عاشقێکی زگماك چاپی یەکەم کوردستان 2006.

- بەرەو زەرد پەر ( 1989 - 2001 ) چاپی یەکەم سوید 2001

- دیوانی براکوژی چاپی یەکەم هەولێر 1994.

---

[29] سدیق بۆرەکەی ( سەفی زادە )، مێژوو وێژەی، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپی و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ،2008 ، ل 245 .

[30] ماڵپەری عەبدوڵا پەشێو www.Pashew.com

پەشێو هەروەها بەرهەمەکانی چەندین نووسەرو شاعیری گەورەی جیهان وەك wolt whitmon و Alexande pushkin وەریگێراوەتە سەر زمانی کوردی ))[31].

شاعیر لە شیعری بەسەرهاتی فلیمێکدا نسکۆی 1975 بەم تراژیدیایە دەشوبهێنی یان ( دەچەسپینی ) کە لە فلیمەکەدا بوونی هەیە، دیارە هەستی شاعیر بۆ کارەساتێکی وەکو ئاش بەتاڵ وەك ئەو کارەساتە وایە کە لە فلیمێکدا ئەنجامەکەی لەدەستی دەرهێنەرەکەیەتی، لێرەدا دەتوانین بڵێین شاعیر تەنها بەناونیشانی شیعرەکەی ئەوەمان پێ بڵێت کە هەر کاتێك ئیرادە لە دەستی خۆت دەربچێت ئەنجامی کارەکە بەدەستی خۆت نابێت، لەبەشە واتایەکی ئەم ناونیشانەدا کە لەناوەڕۆکی شیعرەکەدا هاتووە کارەساتەکە هێندە شوومە هێندە قێزەونە هێندە فلسە کە مرۆڤ ناتوانێت باسی بکات مەگەر لە شێوەی فلیمێکی تراژیدی بیچوێنێت، ئەوەتە شاعیر لە سەرەتای شیعرەکەیدا دەڵێت :

(( فلیمەکە تراژیدیا بوو

ناوەڕۆکی مان ونەمان ))[32]

شاعیر بگرە نەك هەر لە شێوەی تراژیدیا نسکۆیەك دەدوێت بەڵکو چارەنووس بەمان ونەمان ناودەبات، واتا لە ماڵێکدا ئەوە دەخاتە ڕووکە ئەمەش قەدەرێکەو ئەگەری هەڵسانەوە چەمانەوەی هەیە.

شاعیر لە بەشێکی دیکەی شیعرەکەدا دەڵێت :

(( پاڵەوانی فلیمەکە لەگەڵ کزەی زەردا پەڕا

تیشۆی هەڵگرت

ڕابرد بەناو دڵی تاری شەوی گەڕا

بەڵێنی دا :

ئاسمانی شین

چەمی زیوین

ئاگردانێکی پڕ پشکۆ

ساپیتەیەکی سەربەخۆ

بۆ قەرەجان دەستگیر بکات

کەچی، لە پڕ خەنجەری خۆی پشکی پێکا فلیمەکەش، لەناوەخت کۆتایی هات ))[33]

---

31 ماڵپەری عەبدوڵا پەشێو www.Pashew.com

32 دیوانی عبداللە پەشێوە پشت لە تەواو ڕوو لەکریوە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2006 ، ل 347 .

33 هەمان سەرچاوە – 349.

لەم دێرە شیعرانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیر چوون هاتووە پەنجە دەخاتە سەرخاڵی هەرە لاوازی کورد بە درێژایی مێژووی شۆڕشەکان، ئەگەر چی کەسانی واهەڵکەوتە ڕێبەرایەتی شۆڕشەکانی کوردیان کردووە، وەك پاڵەوانێك هەوڵیانداوە شاعیر

وشەی پاڵەوان بۆ خودی مەلا مستەفا دادەنێت. ئەو پێ وایە ئاسۆی رێبەر بارزانی لە شۆرشدا هێندە روون بووە کە دەتوانێ ( بەناو دڵی تاری شەوی کەڕا ) بڕوات متمانەی خودی ئەو کەسە دەردەخات بە خۆی کە بتوانێت ئاسمانی شین جەمی زیوین ئاگردانێکی پڕ پشکۆ ساپێتەیەکی سەربەخۆ بۆ قەرەجان دەستگیر بکات. لێرەدا شاعیر ئاسمانی شین بەهێمنی وئاسایش دادەنێت. چەمی زیوین بۆ خۆشگوزەرانی و ئاگروانێکی پڕ پشکۆ بۆ هێزو ئیرادەی باوەڕ بەخۆبوون.

ساپیتەیەکی سەربەخۆ بۆ گیان و قەوارەی کورد وەك دەسەڵات بۆ قەرەجان دەستگیر بکات مەبەست لێ بە کوردی بێ گیان و قەوارەییە دەتوانین بڵێین شاعیر ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە هێزی شۆڕشدا دەتوانرا ئەمانە بێتە دی بەڵام ئەو خاڵە لاوازەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدا بەداخەوە جارێکی دیکە بوونی هەیە ئەوەتە دەڵێ :

کەچی لە پڕ خەنجەری خۆی پشتی پیکا کە دەلالەتە لە سەرخۆ فرۆشی کورد خۆی لە نێو خۆیدا کە پەرتەوازەیەکی وجودا جودایی و پشتی یەك نەگرتن لە سەرقاچی خۆ نەوەستان هەمیشە بۆتە مایەی شکستی شۆرشەکانمان بۆیە شاعیر دەڵێت :

(( فلیمەکەش لەناوەختا کۆتایی هات ))[34]

مەبەست پێ شۆڕشەکە بە ناکاملی پوکایەوە کورد جارێکی تر کەوتەوە چارەنوسی مان و نەمان.

شاعیر لەم شیعرەیدا

(( بارە دەروونیەکە کاریگەریەکی زۆری لەسەر شاعیر دروستکردووە و بووەتە هۆی دروستکردنی وێنە ژیانی، هەموو ئەمانەش ناسوری خودی نین، بەڵکو نەتەوین و پەیوەستن بەو ئازارانەی نەتەوەی ونیشمانەوە و شاعیر ئازار دەدەن، بۆیە ناسۆریەکان لە خویدا دەبێتەوە، بۆیە دەلالەتی نیشتیمان واتە ژیان گەشانەوەی هێزی شیعر ))[35]

---

[34] دیوانی عەبدولا پەشێوە، پێش لە نەوا رووڵە کرتیوە، ل 347 .

[35] د. لوقمان ڕەئوف، دەقی شعری لە ڕوانگەی سیمۆ لۆیەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی ، 2016 ، لا 411 - 412 .

شاعیر لە کۆتایی شیعرەکەیدا بێ تاوانەکانیش لە بیرناکات ئەوە دەخاتە روو کە هەمیشە میللەت دا شی دامەکەن ئەوەتە دەڵێ :

(( منم پەردەی سینەماکە

منم هۆلی سینەماکە.

من دەزانم ئەکتەرەکان تاوانبارنین

بۆیە ئێستا

لە ئەکتەرە بەرێزەکان داوادەکەم

سەیرکەرە بەرێزەکان داوادەکەم

کە نارەزایی دەربرن بەرامبەر بەگیرانی خۆر

بەقەد خوێنی قوربانیەکان

تەف هەڵاوێن بۆ ناوچەوانی رێژسێوەر ))[36]

لە شیعری ( فتبۆڵدا ) شاعیر بەرایی کارەساتی شوومی نسکۆی شۆڕشی هست پێ ەکات، چونکە لەو کاتەدا ململانێی نێوان یەکێتی شورەویی جاران و ئەمریکا لە ئاستێکدا بوو کە لە جەنگی ساردا خۆی دەنواند، شۆڕشیش نەبوو لە نێوان ئەم دوو بەرداشەدا، چونکە دەنگۆی ئەوەی هەبوو کە ئەو کاتە مەیلی کورد بەلای رووسدا بچێەوە، بەتایبەت لەلایەن خودی بارزانیەوە، بەپێی بەشێك لە سەرچاوە مێژووییەکان، هەر چەند کورد لەم نێوەندا لە هەڵکشان و داکشاندابوو بۆ مەیلداری بۆیە زلهێزەکان هەمیشە گرەویان لەسەرپشتی ئەو میللەتانەدا دەکرد

کە لە دوو رێیانی هەڵسانەوە و کەوتندا بوون هەر بۆیە شاعیرش وەك دەنگۆیەك ئەم باسە لە دوو توێی شیعرەکدا دەخاتە روو وەك دەڵێت :

(( ئاژانسەکانی دەنگ وباس ڕایانگەیاند

یارییەکی فۆتبۆڵ دەکرێت

دوو تیپەکە کریمل و کۆشکی سپی

تۆپ سەری کورد

گۆڵ کوردستان

تەماشاکەر دنیای کڕی وەك گۆرستان ))[37]

---

[36] دیوانی عەبدولا پەشێو، ل 349 .

شاعیر لەم شیعرەدا ململانێی نێوان کریمل و کۆشکی سپی بەیاری فۆتبۆڵ دەچووێنێ، کوردیش بەتۆپ و گۆلێژ بە کوردستان.

لێرەدا شاعیر تۆپ وەك سەری کورد نیشاندەدات ئەم چوواندنە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کورد لەم یارییەدا نەدەتوانێ یاری بکات ونەدەشتوانێ یارییە کە بوەشێنێ چونکە ململانێکە هێندە بەهێزە لە دەسەڵاتی گەلێکی وەکو بەش خوارو دەرچووە، ئەوەتە کوردستان بەگوڵ دەشوبهێنێت واتە زەرەمەندی سەرەکی هەر کوردە بە هەر بارێکدا بێت. شاعیر لە ئاست ئەم کارە شاتەدا تەماشاکەری یارییەکە بەبێ دەنگێکی مردوو دەزانێت وجیهان وەك گورستانێك نیشاندەدات.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیر لە باڵای شیعریدا. ئەوە روون دەبێتەوە کە چۆن دەتوانی ئەسپی خۆی رام بکات، نەبەکارهێنانی ووشە گەلێك لە چوواندن.

کەواتە شیعری ( فووتبوڵ ) وەك زەنگێکە شاعیردەیدا بەگوی خەلك کە بزانن کورد چۆن، بەستەزمانانە دەکەوێتە نێوان ئیمپرپالزم و داگیرکەران کە نسکۆی شۆڕش یەکێکە لەم حاڵەتە

شاعیر ئەوجارەیان لەم شیعرەدا شیعری ( رەشەبلی دەنگوباس ) باس لە قۆناغی ئەوسای کورد دەکات کە لە ئەنجامی ڕێکەوتنامەی شوومی جەزائیر چی لێ بەسەر هاتووە و چ کاریگەرییەکی لەسەر خودی شاعیر هەبووە، بۆیە لەم شیعرەیدا بۆ هەر وەسفێکی دژ وەسفێکی بەکارهێناوە بەواتای بۆ هەر وەسفێك وەسفێکی دیکە بەواتایەکی بەرعەکس دەخاتە روو وەك دەڵێ :

(( وەك چۆن پەڵە هەورێکی پڕ

کەوتبێتە بەر نەقینرەی باییەکی وڕ

وەك چۆن بەرخێك

گۆرگێکی هار لە ناویا بلوورێنێ

وەك تاکە هەوێردەیەك

هاوشەی باڵای باشووکەیەك

ئاسمانی لێ بگچڵێنێ ))[38]

لێرەدا شاعیر چەند چەمکێکی بەکارهێناوە بۆ وێناکردن لە قاڵبی وەسفدا( پەڵە هەورێکی پڕ ) کە دەتوانین لێکدانەوەی ئەوەی بۆ بکەین کورد لەو قۆناغەدا وەك پەڵە هەورێك کە چۆن پڕبووە بۆ رژانی ئاوی بارانی خۆی بەسەر هەوڵ و تێکوشانی سروشت کوردیش ئاوا پڕ بووە بۆ دروێنەی ڕەنج و خەباتی شۆڕش، بەڵام شاعیر مپەری ئەمە بە ( نە قیزەی بایەکی وڕ ) دادەنێت لێرەدا چۆن نەقیزەی ئەم بایە وڕە هەوری پرشت وگێر دەکات لە پەرتیدا بەرەو ئاقارێکی نادیار دەبات کوردیش کە نەفیزەی دەستی وڵاتانی دژ بە کورد ئەم

[37] عەبدوڵا پەشێوە، پشت لە تەواو روو لە کریوە، شیعری 1965 – 1979 ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2006 ، ل 320 .

[38] عەبدوڵا پەشێو، پشت لەنەوا رووله کریوە، ل 233 .

ڕەنج وخەباتەی شۆڕش کە چاوەڕی بەر هەمەڵی شەن وکەو دەبێت یان شاعیر دەڵێت وەك چۆن ( بەرخێك ) ( گورگێکی هار لە هەناویا بلوورێنی ) دەتوانین چواندی کورد بەبەرخ

وێناکردنی سادەیی و پاکی کورد دەردەخات لە بەرامبەردا گورگ وێنکردنی دڕندەیی دوژمنانمان بۆ دەردەخات.

لە دێرەکانی دیکەیدا شاعیر هەریەك لە چەمکی ( هەوێردە ) ( باشووکە ) بەهەمان وێنە دەری دەخات کە چۆن ئاسمانی پان پۆر لە هەوێر دەیەك دێنەوە یەك بەهۆی هاشەی باڵای باشووکەیەك ئاسمانی کوردیش بە هەمان شێوە بەهۆی هاشەی دوژمنانیەوە ئاسۆی روونی لەو سەردەمەدا لێئاوا دەبێت شاعیر دەڵێت :

(( منیش ئاوام

خول دەخۆمەوە بێ قۆناغ

پێڵاوی پێم

پڕی وردە شووشەو پشکۆن

شاری مۆسکۆ دەستنووسێکە

لێ بەختەتی بزماریکۆن ! ))[39]

لەم چەند دێرەی سەرەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە کوردیش بە مەردی ئەوانەی لە سەرەوە باسمان لێوەکرد چووە، شاعیر ( منیش ) مەبەست لێ کوردە، پێلاوی پێم پڕی وردە ) دەلالەتە لەسەر ئەوەی کوردایەتی پرتینی لە ئێش و ژان و چەرمەسەری و نەهامەتی و دڕك و داڵی خەباتی تێکووشان، کاتێك شاعیر دەڵێ کە حاڵی ئێمە ئاواییە لێ

شاری مۆسکۆ دەستنووسێکە

لێ ...... بەختەتی بزماری کۆن ))[40]

مەبەست لێ بەداخەوە ئەم باس وخواسەی ئێمەی گەلی کورد لە وڵاتی بێگانانەدا ناخوێندرێتەوە لەشیعری ( ئەگەر ئەمجارە بێمەوە ) شاعیر تەواو گیانی هەلناوە و بووژانەوە بە خویدا دەکات و ئامادەکی مەعنەویانەی دروست دەداتەوە بە بەرگری کوردایەتییەوە لەم شیعرەیەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە شاعییر چەندە تامەزرووی بەرخودان و شۆڕشەکە ئەمەش دەرخستنی ورەو وزەی نەبڕاوەی هەرگەل و میللەتێکە کە جارێک ئاوی لە کانیاوی سازگاری شۆڕشێک خواردبێتەوە.

---

[39] عەبدوڵا پەشێو، پشت لەنەوا رووله کریوە، شیعری 1965 - 1979 ، ل 333 .

[40] دیوانی عەبدولا پەشێو، ل 334 .

شاعیر ئەوەمان بە گوێدا دەچەربینی کە هەڵساوە لە خاڵی سفردا کارێکی ئەستەم نییە، دەکرێ وەک هەرکارێکی دیکە لە سەرەتاوە لە دایک دەبێ ئەویش لە دایک ببێتەوە، ووشەی ( ئەمجارە ) کە دووبارە بوونەوەیەکی زۆری بەخۆیەوە دیوە، لەم شیعرەدا دەلالەتی باوەڕ بوونەوە بە دەرفەتێکی دیکە بۆ هەر ساتێک کە دەرەخسێت، شاعیر ئەوەمان پێ دەڵێت ئەگەر چی نوقمی گێژاوی نسکۆش بیین بەڵام دەکرێ، جارێکی دیکەش بەهۆی هەوڵ وتێکووشان وەک پنجەگیا سەر هەڵدەینەوە کە بەیانی ئەوەی لێ دەکرێت لەدوای هەر ناخوشیەک دەکرێ چاوەڕێ خۆشی بیین.

شاعیر کاتێک دەڵێ :

(( ئەگەر ئەمجارە بێمەوە

بەیانیان

وەک بەرخۆلەیەکی ساوا

لەناو قەرسیلی پاراو

تل دەخۆم و

گیایەکی تفت .... تێر تێر دەچووم

تاکفت دەبم، پێ و پەلەکەم

شەونمی سارت هەڵدەسوم ))[41]

لێرەدا دەردەکەوێت کە چۆن کە بەرخۆلەی ساوا لە متمانە بووندا بە خۆی ئامادەگی لە ناو قەرسیلی پاراودا هەبێت و لەوەر بکات، کە کاری سەرەتایانەی ئەم ئاژەڵەیە کاتێک لەسەر قاچی خۆی دەوەستێت شاعیریش بەهەمان پشووە ئەم ئامادەگییە دەبینێت.

لە ناسۆری ونارەحەتیشدا لە بێ نانی و بەدبەختیدا گیانی تفت تێر دەجووێ ئەگەر کفتیشی بکات، لەسەرما و سولا ئەگەر بێ کەوش و پەلە پێچش بێ ئامادەی هەیە پێ و بەلەکی لە شەونمی سارد هەڵبسوێ، ئەمانە بەڵگەی هێزو توانای شۆڕشگێڕان دەردەخات. شاعیر بێ گومان لە گەشبینەوە دەڕوانێتە داهاتوو کە لە بەشە دێرە شیعرەکانی تردا دەڵێ

(( ئەگەر ئەمجارە بێمەوە

وەک سمۆرە،

بەدار گوێزە بەرزەکانا هەڵدەگەڕییم

وەک پەڵەیەکی هەوری نەوی

بەسەر کێڵگە سەوزەکاندا دەخولێمەوە

---

[41] دیوانی عەبدوڵا پەشێو، پشت لەنەوا رووڵە کریوە، شیعری 1965 - 1979 ، ل 339 .

وەک شەنگە بی

بەسەر چەما

بەسەر گشت زنارەکانی

کەنارا ..... دەچەمێمەوە

ئاخ بەس ئەمجارە بێنەوەو ))[42]

شاعیر لەم دێرە شیعرانەی سەرەوەدا لە بەکارهێنانی هەر یەک لە چەمکەکانی وەک ( سمۆرە ) ( پەڵەهەوری نەوی ) ( شەنگە و کە هەریەک لەمانە وەزیفەی خویان دیارە لە نێو ژیاندا شاعیر دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت ئەگەر چۆن سمۆرە لە بچووکی خۆیەوە بە بڵنداویدا هەڵدەگەڕێ پەڵە هەوری نەوی چۆن دەبێتە سێبەری ئومێد بەخش گێگە سەوزەکان شەنگە بی بەرەگی داکۆتای خۆی لە نێو چەمایان لە نزارەکانی کەنارا، بەگەورەیی خۆی دەچەمێتەوە ئەویش وەکو ئەمانە لە شان و ساتی خۆیدا لە شوێن و جێگەی خۆیدا ئەرکی خۆی ڕادەپەڕێنێت، هێنانەوەی ئەم نموونانە لە لای شاعیردا بەڵگەی وروی زەمینەی شاعیرە، بوو وردی ودرشتی کاری هەڵسانەوەی وبەرخودان کەدەسفەتی بۆ هەڵکەوت کە ئەمجارە بێتەوە. شاعیر لەتەواوی شیعرەکەیدا سەراپا ئەم وێنانەمان بۆ ڕەنگرێژ دەکات کە کاری هەڵسنانەوەی بە خۆدا چوونەوە و پێویستی بەسەر لەنوێ دارشتنەوە و پلان هەیە.

شاعیر هەرچەندە لە زمانی پڕ نەرم و گوڵاڵە سورە دەنگی و دەردێ بەڵام بەناخێکی پڕ لە گروتینەوە توێسنوو دەدا بەناوەڕۆکی کوردایەتی کە هیچ کاتێک ئێش وئازاری نسکۆنابێتە مایەی پووکانەوەی هەتا سەر. بۆیە شاعیر ئەوەمان بۆ دەکاتە هەوێنێک کە هەمیشە خاکی زیدی خۆمان لە بیرنەکەین و بەلانکەی هەسانەوەی بزانین ئەوەتا دەڵێ :

(( ئەگەر ئەمجارە بێمەوە

لەگۆی مەمکی هەرکانیەک

قومە ئاوێک دەخۆمەوە

گشتیان دەکەم بەدایکی خۆم

لەهەر ئەشکەوتێکا شەوێک

سەرەگاشە بەردێک دەکەم

گشتیان دەکەم بەلانکی خۆم ))[43]

---

42 عەبدوڵا پەشێو، پشت لەنەوا رووڵە کریوە، شعرەکانی سالانی 1965 - 1979 ، ل 340 .

43 عەبدوڵا پەشێو، پشت لەنەوا رووڵە کریوە، ل 342 .

بەشی دووەم

تەوەری دووەم

## ڕەنگداوەی شۆڕشی ئەیلوول لە شیعرەکانی(محمد ڕسول هاوار)

محەمەد ڕەسول هاوار

ژیان و بەشێک لە نموونە شیعرەکانی

(( ژیانی هاوار محەمەد ڕەسول لە 3 ی ئەیلوولی 1923 لە سلێمانی هاتۆتە دنیاوە ئەو کاتە کوردستانی خواروو لەسەر دوو ڕێیانی مێژوو وەستابوو، شێخ مەحموود ( 1882 - 1956 ) تازە سلێمانی بەجێ هێشتبوو، هێزی هەوایی ئینگلیزی یە بومب بورەمانی کوردستان مەشقی بە فرۆکەوانەکای دەکرد، هاوار چاوی بەشەڕی بەردەرکی سەرا کەوت، کە لە مێژووی کوردا بە رۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوول ناسراوە ( 6 – 9 – 1930) ، کراوەتەوە کاتێک گەیشتوتە ئەو تەمەنەی بەرهەمی ئەدەبی هەبێت ( سەرەتای چلەکان ) بزووتنەوەی کوردایەتی لە بووژانەوەدا بوو، لە کوردستانی ئێران پارتی ( ژ. ک ) لە کوردستانی عێراق پارتی ( هیوا ) لە برەودابوون، کۆمەڵانی خەڵک هیوایان وابوو، کە پاش جەنگی کوردیش شتێکی دەسکەوێت، کاربەدەستانی عێراق بەتایبەتی نۆکەرانی ئینگلیزی بەگشتی لە هاتنی سووپای سوور بۆ ناو ئێران ترسیان لێ نیشتبوو بۆ دوور خستنەوەی کوردی عێراق لە کارنێکردنی ئەو بارە نوێیەی لە کوردستانی عێراق و ئازەربیجان هاتبوو کایەوە، گەلێک بەڵێنیاندا هەر لەم کاتانەدا بزووتنەوە یەکی چەکداری لەناوچەی بارزان بەرپابوو ( 1943 – 1945 ) ، هونراوەکانی هاوار مۆرکی ئەم سەردەمیان زۆر پێوە دیارە

لە پەرتووکی بیرەوەری محەمەد ڕەسوڵ هاوار کە لە بڵاوکراوەکانی لێژنەی سەرپەشتی ساڵیادی کۆچی دوایی شاعیردا، هاتووە کە ئەو دەمانەی قوتابی بووە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی ( 1944 - 1943 ) ، ئەو کاتە ماڵیان لە بەرزنجە بووە، لە پشووی هاویندا چەند قوتابیەک لە سلێمانییەوە رۆیشتبوون بۆ لای خزم وکەسوکاریان. ئەو قوتابیانەی لە سلێمانیەوە ئەناسی، پێکەوە دەچوون بۆ ناو ڕەزەکانی دەوری دێ، کاتیان بە یاریکردن و گورانی وتنەوە بەسەر ئەکرد، ئەویش وەک ئەوان بەشی زۆری سرودە نیشتمانیەکانی لەبەر بووە، دوو سروودی بەلاوە نوێ بووە ( کوردستان جێگای بەجکە شێرانە/ جێگای هەوارگەی کورد و کوردانە )، لەگەڵ ( ئێمە نەتەوەیی مەردین/ هیوای دوا رۆژی کوردین ).

سروودەکانی بەلاوە خۆش بووە، زوو فێریان بووە، پاشان زانیویتی ئەم دوو سرووده لە لایەن قوتابیەکی قوتابخانەی ئامادەییەوە دانراون کە ناوی حەمە ڕەسووڵ وا باو بووە کە ( موتە صەڕیف ) ی ئەو کاتەی سلێمانی بەهادین نووری ئاوازی بۆ داناوە

بەڵام ڕاستیەکەی وەک مامۆستا هاوار بێت، مامۆستایەکی قوتابخانەی سەرەتایی (( شەوکەت محمد )) ئاوازی بۆ داناون، لەوکاتەوە هاوار وەک شاعیرێکی نیشتمانپەروەر ناوی دەرکردووە.

شان بەشانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، بەکارتێکردنی بیرو باوەری دیموکراتی، وپێشکەوتنخوازی دژ بە ئیمپریالیزم و ڤاشینزم و کۆنەپەرستی، لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا و ساڵانی دوای جەنگ، شێوەو ناوەڕۆکی ئەدەبی کوردی گۆڕا، ( هۆنراوەکانی وردە وردە، لە عەرووزی عەرەبی دوورکەتنەوە (( باسی زولفی درێژو چار خەو )) لە پەختان و هۆنراوەدا کەم بووە ).

مەسەلەی گولی ونیشتمان، ئازادی و دیموکراسی، برایەتی و هاوکاری نێوان گەلانی و یەکێتی تێکوشان دژی ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی و رژێمە بەکرێگیراوەکان، وەسەلەی جووتیارو زەوی، چەوسانەوەی گەلی و دەردەکۆمەلایەتییەکان هاتنەکایەوە، ( گۆڤاری ( گەلاوێژ ) لە بەغداد ( 1939 - 1949 ) باشترین ئاوێنە و نوێنەری ئەم ڕێبازە نوێیە بوو لە تەنیشت چیرۆکەکانی بیرایم ئەحمەد ( سلێمانی 1914 ) و هونراوەکانی دڵدار ( یونس ڕەئوف، کۆیە 1918 - 1948 )، دڵدار ئەحمەد مستەفا، کۆیە 1920 و هەردی ئەحمەد و حسن، سلێمانی، 1922 ) و ( شێخ حسن بەرزنجی، بەرزنجە 1923 ) وە ... چارمان بە هۆنراوەکانی هاوایش ئەکەوێت بە روونی کارتێکردنی بیرۆ باوەڕەکانی ئەم سەردەمەیان پێوە دیارە )

پاش داخستنی گۆڤاری گەلاوێژ لە ئابی 1949 هۆنراوەکانی هاوار ە زۆری لە ڕۆژنامەی (( ژین )) دا کە لە سلێمانی دەرئەچوو، ئەبینرێت، هەر لە ژیندا چەند کورتە چیرۆکێکی کۆمەڵایتشی بڵاوکردۆتەوە ئەمە بەکەم کۆمەڵەی هۆنراوەی هاوار، کە بەسەریەکەوە چاپکرا بێت " یادی بادینان " کە لە ساڵی 1959 لە سلێمانی بڵاوکراوەتەوە.

( پیرەمێردی نەمر )) ( بەغدا 1970 ) یەکێکە لەبەرهەمە سەرکەوتووەکانی مامۆستا هاوار سەرچاوەیەکی بەنرخە لە بارەی بەرهەمەکانی پیرەمێرد و ژیان و کار ئەدەبیەکانییەوە، ئەم بەرهەمە بۆ ساڵی 1970 پاداشتی یەکەمی کتێبی کوردی پێبەخشرا لە میهرەجانی ( مدبد ) لەبەسرە، هاوار پاش تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی بوو بە فەرمانبەر لە بەرێوە بەرایەتی ( انحصار ) لە سلێمانی ( 1944 ). پاش چەند جار گواستنەوە لە ساڵی 1961 دا لە بەغدا گیرساوەتەوە، ئەمەشی بەهەل زانیوە بۆ تەواوکردنی خوێندن، لە ساڵی 1969 دا کۆلێژی سیاسە وقانون تەواو کردووە.

ساڵی 1974 فەرمانی میری بەجێ هێشتووە وهاتووتە ناو شۆڕشی کوردستانەوە، لەوی مامەتەوە تا بڵاوی پێ کردن شۆڕشی لەسەرە تای بەهاری 1975 دا پاش ئەوەی گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا ساڵی 1980 بەغدای بەجێهێشتووە و بەماڵ و منالەوە هاتووتە لەندەن )، لەو کاتەوە بەچاکی دەستی کردووە بەکۆکردنەوەی هۆنراوەکانی، کە تا ئێستا ئەم بەرگانەی لێ بڵاوکردوونەتەوە :

1. یادی نیشتمان، لەندەن 1983
2. هەڵبژاردە، لەندەن، 1983
3. کاروانی شۆڕشی، لەندەن، 1984
4. پاش 1975، لەندەن، 1984 . ))[44]

[44] دیوانی محمد رسول هاوار، سدیقە ساڵح، بەرگی یەکەم چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2007 ، ل 9 – 13 .

هۆنراوەکانی بە زۆری نیشتمانی وکۆمەلایەتین، لە هەندێکیاندا نیشتمانپەروەرێکی ریالیتە، ئەم کارەی ئێستاش ( بیروەری و کوێرەوەری ) لەم چوار چیوەیە ناچێتە دەرەوە " شیرین " ی ئەم کودستانە، شرین تری نییە :

(( کە ئەم بەم جۆرە ئەبێت :

(( من دارستانێکی سەوزی

چڕۆ پری بێ سنورم

من سەنگەری سنورم

من سەنگەری قەڵای سەختمگ

لەشکری دوژمن بەزێنم

بەمشارو تەوراس و

تەوری دوژمنم لەبن تایەم ،

هەرچی شالاوم بۆ بێنێ

تیا ئەچێ ولووتی ئەشکێنم ))[45]

گومان لەوەدایە نییە کە ئەم بەرهەمەی مامۆستا هاوار وەك لای من خۆش وبەسوود بوو، لای گەڵی کەسی ترش هەروا ئەبێت، پال بەگەڵی کەسیشە وە ئەنێت کە یادوبیرە وەرییەکانیان و پەندو تاقیکردنەوەیان ژیانیان بنوسنەوە بڵاوی بکەنەوە، بۆ ئەوەی نوێ و داهاتوو سوودیان لێ وەربگرن لە تشرینی ساڵی 2006 کۆچی دوای کردوە.[46]

شاعیر لەم شیعرەدا بەناوی ( یەکەم هەڵیەستی دوای 1975 ) کاتێ : شۆڕش تاوایەوە لەدوای هەرەس هێنانی شۆڕشدا هێشتا گەش بینەو گەشبینانە قسە دەکات پێویستە لێرەدا ئاماژە بە کەسیەتی ئەم شاعیرە بدەم ( محمەد ڕەسول هاوار )هەردەم شاعێرێکی گەشبین بووە وە بە ڕەشبینەوە نەیڕوانیوەتە مەسەلە نەتەوایەتیەکان بۆیە لێرەدا باس لە دوژمنان ونەیارانی کورد دەکات و دەڵێت ناحەزان وشەمستەمە کوێرەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بادڵیان بەوە خۆش نەبێت کە شۆڕشی کوردی هەرەسی هێناوە و دوای مافی خۆی ناکات و دەبێتە داوە دەست و ئەلقە لە گوێی داگیرکەران وەك ئەوە وایە کە ماسی بێ ئاو بژی یاخود داوای مافکردنی شتێکی ئەفسانەو سوریالیزمانەیە لێرەدا شاعیر دەڵێ : (( دڵیان خۆشە ئاش بەتاڵەو کورد وازلەمافی خۆی دێنێ هەتا ماوە وریەی نایەو ئیتر سەر دائەنوینێ

خەیاڵی دوژمن زۆر خاوە، خەیاڵی بە نگێشانەیە کورد واز لەمافی خۆی بێنێ شتێکە وەك ئەفسانەیە ))[47] هەر لەم چەند دێرەی خوارەوەدا شاعیر باس لە خاك وجیا سەرکەشەکانی کوردستان دەکات و دەڵێت هەتا کورد پستێك خاکی مابێ وە خاوەن رۆڵەی چاونەترس و دڵێر بێت ئەستەمە واز لە خەبات و بەر خووان و

[45] دیوانی محمد رسول هاوار، سدیقە سالح، بەرگی یەکەم، ل 20 .

[46] دیوانی محمد رسول هاوار، سدیقە سالح، بەرگی یەکەم ، ل 15 .

[47] دیوانی محمد رسول هاوار، د. عوسمان دەشتی و صدیق صالح، لە بلاوکراوەکانی لیژنەی سەرپەستی ساڵباهی کۆچی دوای شاعیر، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2007 ، ل 144 .

تێکۆشان بهێنێ و رزگار کردنی وە هەردەم چیا سەرکەشەکانی کوردستان لالکە وبتشکەی شۆڕش بووە رۆڵە ئازاو نەبەردەکانی کورد هیچ کاتێك سڵیان لە دوژمن نەکردۆتەوە چونکە پاڵپشتیان چیاکانی کوردستان بووە وقارەمانە بەرگریان لە خاك و ئاو مانەکانی خۆیان کردووە بە هەرەسهێنانی شۆڕش هیچ کاتێك بیر لەوە ناکاتەوە واز لە خەبات بهێنێت بەردەوام لە هەوڵدایە بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی بۆیە لێرەدا شاعیر دەڵێ :

(( هەتا پستێك خاك مابێ، هەتا لوتکەی چیا مابێ

هەتا رۆڵەی چاونەترس وتێکۆشەری ئازادی مابێ

داوای مافی گەلی میدیای خاوەن ئاوێستاش دەهێنێ بە خوێنی گەشی لاوانی مافی رەوای خۆی دەسێنێ میللەتێک کە ساڵە مابێ کۆڵی نەدابێ لە ژیان بەئاش بەتاڵێکی نارێک واز ناهێنێ لە تێکۆشان بەمروویش تا بوو تەکەی ئەوەندە قورسە کوردستان بەشان سەد ملێون دوژمن هەڵناگری بۆ گوڕستان ))[48]

بۆ ئەو کۆبوونەوەیە لە ساڵی 1974 لە بەغدا دژی شۆڕشی کورد بەسترا شاعیر لەم شیعرەدا دەیەوێ ئەوە بخاتە رووکە چەندە سەختە کاتێک دوژمن لە دژدا کۆدەبیتەوە هەوڵی سڕینەوەت دەدەن، لە هەمووش دڵگرانتر ئەوەیە لە ژێر پەرەوەیەکی دروستکراودامان بەخویان دەدەن تەواوی ڕاستی و دروستیەکانی میللەتێکی ماف خوارو سەن وکە و بکەن، لەنێو وڵاتێکی موسڵمانیشدا لەبەر سێبەری بە ناوی ئاین و هەڵکردنی دەیان دروشی بە درۆ هەڵکراودا مافی گەلێکی رووت و رەجاڵ وژێر پێ دەخەن بۆ کۆمەڵێک بەرژەوەندی دوور لە ئاکاری مرۆڤ ویستانە. سەرباری ئەوەی تەرەفی دوژمن یە لاف و گەزافی دروشمایەکی یەکسانی وسۆیایستی لێدەدەن.

دیارە لەو سەردەمە هێندەی باوی فیکری سۆسیسلیزمی بووە هێندە پیاهەڵدانی چینی پرۆلیناریاو چەوساوان لەزاری بەنێو ئازادی خوازی بەوەی سۆسیالیزمی وەک جواوتیک کاوێژکراوە هێندە خەڵکیان بە پێشکەوتن سەرگەرم نەکردووە کەچی فاشیزمانە چەکوش وداس دەستی هەژاران بۆ قرتاندنی گەلی هەژار وەگەڕ دەخەن، ئەوەتا شاعیر دەڵێ :

(( لەجێی پەیکەری سەربەستی وئازادی و ئاشتیخوازی جیهان پەیکەری خوای دینار ونەوت لە چوار ریانی شەقامەکان نوقمە لەژێر چەپکە گوڵ و ئیکلیلی هەڵپەرستان نەخشاوە لە ژێر سێبەری دروشمی فاشیستەکانا ))[49]

شاعیر هەروها سروشتی هەڵپەرستانەی دوژمن وادەنەخشینێ وەکو ئەوە وایە کە چۆن دەروشێک سەرگەرمی تەریقەتی ئەوانیش بەم جۆرە خەریکی سازدانی کۆڕی داودانەوەو پیلانی شەڕانگێزی دژ بە میللەتێکن شاعیر دەڵێ :

(( چەرچیەکان وەکو دەروێش کۆڕی بە دەوراساز دەکەن ناوچەدانیان لە ڕێبازیان، بەپردو بوردەباز ئەکەن پارانەوەو لاوانەوە و دەنگ تەحیلیلە یان بەرزە بە هەموویان دام و دەزگای هاوکاری تازە سازدەکەن ))[50]

لە شیعری ( جاڕدا ) شاعیر ئەوەمان بۆ دەردەخات کە شکست یان نسکۆ بە هەر بارێکدا بێت بەشێکی باجەکەی خۆمان هەڵی دەگرین یان لە ئەستۆ دەگرێت شاعیر لەم شیعرەدا سەرباری جاڕدانی ئێش وئازار و

[48] دیوانی محمد رسول هاوار، بەرگی یەکەم ، ل 32 .
[49] د. عوسمان دەشنی و سدیق ساڵح، دیوانی محمد ڕسوڵ هاوار، ل 136 .
[50] دیوانی محمد ڕسوڵ هاوار، بەرگی یەکەم ، ل 37 .

ناسۆری وناڕەحەتی کە لە دڵیدا پەنگی خواردۆتەوە و هێزی سۆزی سۆزداری شاعیرانەی خۆی دەربڕیوە بە قورگێکی گریان و هەنسکێکی هەناسە سوارەوە بەیانی ئەم حاڵە تەدەبیستێت و دەروەبڕی بەڵام لەهەمان کاتدا لە رایی کردنی ڕێنوێنەیەکانی ئاواز لاڕێ نابێت و راستی ودروستی ریایزمی ئەتوانی ئەوکات دەر دەخات کە دەڵێ :

(( ئەم بەزمە چی بوو چەرخی بەدکردار

ئەمجارە لەگەڵ کوردا دەیگێڕێ

هیواو ئاواتی گەلی چەوساوە

چۆن وای بەسەر بێ بە تەنها دیرێ ))[51]

لێرەدا شاعیر رووی سکاڵای ئازادی لەگەردونە لەلاکەی دیکەوە گەل کۆمەی دوژمنان نیشان دەدات کە چ ویژدانێک ئەمە قبوڵ دەکات بە دێرێ گەلێکی ماف پێدراوی خوایی بێبەش بێت کەمەبەست لێی لەو وشەی ( بە تەنها دێرێ ) پەیمان شومی جەزائیرە هەر چەندە پەیمانەکە لەساڵی 1976 دایە بەڵام شاعیر چەند مانگێک بەر لەم کارەساتە شوومە پێش حەدەس دەکەوێت و ئەم ئازارە هەست بێ دەکات.

لەلایەکی دیکەوە یان لەبارێکی دیکەوە شاعیر لە گۆشەنیگای ئێش و ئازارەوە ئازانێ هانا بۆکێ بەرێ یاخود چارەنووس ئەم گەلە بە چ ئاقارێک دەبردرێت ئەوەتە دەڵێ :

(( ئەم هەموو خەڵکە بەسەرگەردنی

پێم ناڵێن بۆ کۆێ مل یشکێنێ

یان لە ژێر سایەی چ دەزگایەکا

رووی بێ ئەم جارە چاوی هەڵبێنێ

تۆڵەی تاوانی لەکێ بسێنێ

داخی دڵی خۆی بەکێ برژێنێ ))[52].

شاعیر لە بەشێکی دیکەی ئەم شیعرەیدا کاری نەزانانەی رامیاری دەشوبهێنیت بەوەی کاتێک کەسێک باراش بەرێن دەکا بۆ ئاستی دەبێ بزانێ هەمانەکەی چی تێدایە لێرەدا ئەوەمان پێ دەڵێت کە خۆخۆری وجاشایەتی بەشێکی ئەو باراشەیە کە لە نێو هەمانەی کوردا هەیە وەک دەڵێ

(( ئەو کەسەی باراش بەرێ بۆ ئاش

---

[51] دیوانی محمد ڕسوڵ هاوار، د. عوسمان دەستی وسدیق ساڵح، ل 145 .

[52] دیوانی محمد ڕسوڵ هاوار : بەرگی یەکەم، ل 46 .

مرۆڤ پوچ و بێ بڕواو نامەرد

دەبێ بزانێ و هیچ دوو دڵ نەبێ

لە جێی برنج و ئارد، ناو هەمانەکەی

پڕە لە پوش و دارو جان و بەرد ))[53]

لێرەدا دەکرێ بڵێین ووشەی پوش بۆ سادەیی ونەزانی بەکارهاتووە لەسیاسەتدا دارو بەردیش لە بڕی جاشی و خۆفرۆش بەکارهاتووە، بەم هەموو حاڵەتانەوە ناکرێ ئاوا ساویلکانە لە کاری شۆڕش بگەین هەر وەک دەڵێ :

(( خەتای کەس مەگرن خەتای خۆمانە

سادە و ساویلکەین زوو دەخەڵەتێین

خێرا فریو دەخوێن لەلای بێگانە

پیاوی لات باری خوارو لەنگە ))[54]

شاعیر لە شیعری پرسیاردا واتە لەم شیعرەدا شیعری پرسیار وەڵام دەدا بە دەستەوە واتالە حاڵێکدا پرسیار لە خودی خۆیەوە بۆ مێشکی بەرانبەرو لەخودی پرسیاریشدا وەڵام دروست دەکات، شاعیر کاتێک دەڵێ تاکەی بانگی ئازادی کورد، لەناو کولەکەی تەرابێ ئەوە دەردەخات کاتێک کورد لە یانناوەی یازدەی ئازاردا ئازادیان بە خۆوە بینی بۆ دەبێ لە 1975 ئازادی کورد بە نهێنی بێت واتە لێرەدا شاعیر دەیەوی ئەو مەبەستە دەربخات کە گەلێک ئازادی چەشتبێ ئەستەمە گەڕانەوەی بۆ ژێر دەستەب کاتێک شاعیر لە دێڕە شیعری سەرەوەدا پرسیاری ئازادی دەکات وەڵامەکەی لە ناواخی دێڕە شیعرەکەیدا لە زەمەنی ڕابردوودا وەردەگرێ هەروەها شاعیر دەڵێ :

(( نالە ناو شمشاڵی شکاوە

کونی ئاوازی گیرابێ ))[55]

بەواتای ئەوەی کاتێک خاکی کوردان داگیرکرابێ کە مەبەستی تێدا لە شمشاڵی شکاو دەری بڕیوە کونی ئاوازی گیراوی بە ستەمی ژێر دەستەیی شوبهانووە، شاعیر لە دێڕێکی دیکەیدا هانابردن لە پرسیاردا داوا دەکات وەك دەڵێ :

(( تاکەی داوای مافی رەوایی

هەروەک ئاوازی مەلی وێک

لەتاریکایی شەو بێ ))[56]

---

[53] دیوانی محمد ڕسوڵ هاوار، د. عوسمان دەستی ساڵح، ل 146 .
[54] هەمان سەرچاوە، ل147 .
[55] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل149 .

لێرەدا شاعیر مەلی وێلێ چواندوەیە سەرگە ردانی دبێ ئەوایی میللەتی کورد کاتێك هانا بۆ هەر شوێنێك دەبەن رۆژیان لە تاریکایی شەودایە.

شاعیر هەر لە شیعری پرسیاردا لە چەند دێرە شیعرێکدا رێبازی شۆڕشگێری نیشان نەدا وەك دیارە هیواو توانایی دەر دەخات کە هەر کاتێك کە داکشان لە هەر سات و کاتێکدا روو بدات دەبێت هەڵکشان بە دوای خۆیدا بهێنێەوە وەك دەتوانین بڵێین لەسەر فەلسەفەی کەوتن و هەلستانەوە دەکات کە دەڵێ :

(( وابزانم تامی تیا نەما

دەبێ ئەم جارە گەلی کورد

قۆلۆ بازوی لێ هەڵناڵی

بێ پێچ و پەنا و چاوڕاو

وەك ڕەشەبا بوورش وپەڵاش

بەردەیی چیا رامالّی

لەسینگی رژیودا وەشاو

لە رووی چەند سالّەی دامالّی

رۆژی تازە و سالّی تازەو

ڕێگەی تازە دەست نیشانکا

سەر لە نوێ لاپەڕەی تازە

بۆ مێژووی تازەی تەرخاندا ))[57]

کەواتە شاعیر باوەری تەواوی بەسەر لە نۆێ نە هەڵسانەوەی شۆڕش بوو وە هەروەها نوێخوازانە جاڕی شۆڕش بدرێتەوە وەك لەم چەوکانەی دەردەکەوێت

(( دەبێ ئەمجارە )) (( قۆلوبازو )) (( رامالّی )) (( رۆژی تازە )) ( سالّی تازە ) ( رێکای تازە ) ( سەری لە نۆێ ) ( مێژووی تازە )

شاعیر هەر بەوە ناوەستێ بگرە خۆشگوزەرانی وخەندە ئامێزی وشادی و کامەرانی لە ئازادیدا دەبێنی وەك دەڵێ :

(( لەگەڵ یاری ئازادیدا

لەگەڵ بوکی سەربەستیدا

---

[56] د. عوسمان دەشتی، دیوانی محمد ڕەسوڵ هاوار و سدیق سالّح، ل 244 .
[57] دیوانی محمد ڕسوڵ هاوار، ل 235 .

دڵداری بکە دەست لەملان کا

کە برو ساباتی رزگاری

پێشکەش خاکی کوردستان کا ))[58]

لە کۆتایی شیعرەکەیدا شاعیر لە ژیانی یەکسانی گەلان بە مافێکی رەوای گەلی کورد دەزانی ئارەزوو دەکات گەڵی کوردیش وەك گەلانی دیکە ژیان بکات هەر وەك دەڵێ :

(( دەمانەوی وەك میللەتان

بەکردەوە نەك بەزیان

خاوەنی خاکی خۆمان بین

لە ژێر ئاڵای ئازادیدا

دەمانەوێ وەك بەشەربین )[59]

شاعیر لە شیعری دوای بەیانی 11 ی پڕێش و ئازار لە شیعرێکی ناوەڕۆك رەخنە ئامێزە دەیەوێت لەم شیعرەدا شاعێر ئێش و ئازاری گەلی کورد بەیان بکات لە پاڵ هەر فرتوفێڵێکی دووژمن لە ئان و ساتی گفتوگۆدا، لەوەتە شاعیر لەم شیعرەدا کە بە کێشی پەنجە نووسیویەتی خوش باوەڕی گەڵی کورد دیاری دەکات، کە پێی وایە دوژمنانی کورد هەمیشە ئەم هەلانەیان هەلخواستۆتەوە بۆ لێدانی میللەتی چەوساوەی کورد.

(( هەر رۆژەی دەست وبر لینێك بوو

هەر رۆژەی بەندو باوێك بوو ))[60]

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر ووشەی ( دەست بڕین ) ی بەکار هێناوە لە بەرانبەر هەر کارە ساتێك کە دوژمن دژی کورد ئەنجامی داوە وەدەیەوێت گەلی کوردی شبە دیوێکی دیکە تاوان بار بکات لەبەرانبەر خوش باوەڕی خۆی بە دوژمن، چونکە دەست برین لەکاتێکدا دەکرێت کە کەسی دەست بڕاو لەم حاڵەتەدا دەرناچێت یا ئەوەتە لەکاتە کەدا یا ئەوە تەڕەچاوی بنەمای ڕەشت دەکات شاعیرلە شیعرەیدا چەند چەمکێك بەکار دێنت وەك. ( بەند و باو ) ( فروفێك ) ( چاوڕاو ) ( دەستە جاش ) ( شەر فرۆشتن ) ئەمانە هەمووی و وشەگەلێکن وەلالەت لە ئاکاری ناپەسەندی کەسانێك دەکات کە هەمیشە لەهەر کاتێکدا مار ئاساهەڵیان بۆ بڕەخێت بنەچەی کاریان لەسەر ئەم جۆرە ووشانە بنیان دەنێن و بەرانبەریان دەخەنە خانەی بێزاریەوە. شاعیر لەم چەمکانەدا مەبەستیەتی کە کورد دەبێ بە تەواوی بتوانێ سیاسەت بکات نەوەك هەر لە گۆشە نیگای پەیمانە کۆمەلانیەکان خویدا بمێنیتەوە بۆیە شاعیر لە روانگەی نتکتەوە دەڕوانێنە بەیانی 11 ی ئازار لە هەمان کاتدا بەرەی ستەمکارو ستەم لێکراو جیا دەکاتەوە بەڵگەش بۆ ئەمە شاعیر دەڵێ :

---

[58] دیوانی محمد ڕەسوڵ هاوار، د. عوسمان دەشنی و سدیق ساڵح، ل 240 .
[59] دیوانی محمد ڕەسوڵ هاوار، د. عوسمان دەشنی و سدیق ساڵح، ل 241 .
[60] دیوانی محمد ڕەسوڵ هاوار، د. عوسمان دەشنی و سدیق ساڵح، ل 246 .
( * ) گوزاری : مەبەست لێ گوزاری بەرێوەبەری دەزگای ئەمن و ئیتیخبارانی ئەو کاتەی بەعسە

(( ڕۆژێك برا فەیلیەنیان

لەم خاکە دەربەدەر کرد

رۆژێك کوردی ناو کەرکوك و

خانەقین ولای نەنکاریان

ئاوارەو قور بەسەر کرد

تاوێك ( گوزاری )* پیاو کوژیان

نەخشەی رپش دارو قومبەلەی

مێزەر بەسەر** بە دیاری

دەنارد بۆ لە ناوبردنی

سەرکردەی شۆڕشی مەزن*** ))[61]

شاعیر هەر لە شیعری ناوبراودا بە یاننامەی 11 ی ئازاری بەسند کۆبەك دەزانێت بەسەر کوردا سەرباری دەستکەوتەکانی کە هەر خۆش ئاماژە دەکات وەك دەستکەوتێك، بەڵام دەڵێ :

(( دوای چوار ساڵی پڕ لە ئەشکەنجە

مەڵو تکەیەکی ئیفلیج بوو

نیوەی مردووە نیوە زیندووە ))[62]

---

( ** ) قومبەلەی مێزەر بەسەر : مەبەست لێی ئەو مەلایانە بوو کە خۆیان بە مەلا مستەفا تەقاندەوە.

( *** ) سەرکردەی شۆڕش مەزن : مەبەست لێی ڕێبەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە (مەلا مستەفا ).

[61] دیوانی محمد ڕەسوڵ هاوار، د. عوسمان دەستی و سدیق ساڵح، ل 288 .

[62] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 299 .

## ئەنجام

دوای ئەوەی کە لێکۆلینەوە کەمان لەسەر ئەم لایەنە ئەوەبیە گرنگەی شعری شۆڕشگێری و ڕەنگدانەوەی شۆڕشەکان لەناو ئەدەبیاندا و بەتایبەتی کاریگەری نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر چەند بەرهەمێکی شیعری هەر دوو شاعیر کورد ( عەبدولا پشێو ) ( محەمەد ڕەسوڵ هاوار ) گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :

1. ئەم جۆرە مەبەستە شیعری زۆر کۆنە و لەگەڵ هەر هەڵدان وجولانەوە سیاسیەکان بۆ وەستان لە دژی زۆرو ستەم وتێکوشان لە پێناو سەربەخۆیی سەری هەڵداوە.

2. بێگومان ئەو باروودۆخە سیاسیە یکە بەسەر گەلە کەمان تێپەربوو رەوشتێکی تایبەتی بوویە تایبەتی لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم وهەڵگیر سانی شۆڕشی گوڵان و پاشان شۆڕش ئەیلوول کە بە نسکۆ لە ساڵی 1975 کۆتایی پێهات. ئەم بارودۆخە ڕاستوخۆ کاری کردە سەر بەرهەمە شعریەکانی شاعیرانی ئەو سەردەمە وەك هەژار وهێمن وهێدی وحەمەد ڕەسوڵ هاوار عەبدولا پەشێو چەندین شاعیری تر.

3. بیرو هزری شۆرشگێری لەو گەلانە زیاتر بەدیار دەکەوێت کە باوەر بەئایدۆلوژیای سۆشیالیزمی دێنن. شاعیرە شۆڕشگێرەکانی کوردیش رۆبەیان باوەریان بەم ئایدولوژیایە هەیە.

4. ناوەرۆکی شیعری شۆڕشگێری کوردی واقعی گەلی کوردە نەك تەنها لە کوردستانی عێراق بەڵکو لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بەر جەستە دەکرێت.

5. هەر یەك لەشاعیران ( عەبدولا پەشێو و محەمەد ڕەسوڵ هاوار ) لەو بەرهەمە شیعریانەی کەلەم توێژینەوەدا فراوەتە ڕوو شیکراوە تەوە بۆمان دەردەکەوێت کە تا چەند هەڵگرسانی شۆڕشی و پاشان نەسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە چەند بەرهەمێکیان ڕەنگی داوەتەوە.

لیستی سەچاوەکان

یەکەم ( کتێبەکان )


1. ئەحمەد حەمەد ئەمین، چەند لاپەرەیەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر
2. تشارلز تریپچەند لاپەڕەیەک لە مێژووی عێراق، وەرگێڕ: محمد حوسێن ئەحمەد و عەبدولقادر کەلهور، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2010 .
3. حسن ظاظا عێراق، لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووە سیاسیەکانی ( یارت و رێکخستەکان ) لە ( 1908- 2005 ) وەرگێرانی، ئامانج نیعمەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2009
4. خەسرەو میراوەلی، فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی، ئینگلیزی، عەرەبی، کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، 2009 .
5. دیوانی ئەحمەد موختار جاف، د. عزدین مستەفا ڕەسول، چاپی سێیەم، چاپخانەی تاران – پەنجەرە، 2018 .
6. دیوانی محمد ڕسوڵ هاوار، د. عوسمان دەشنی وسدیق ساڵح، لەبڵاوکراوەکانی لێژنەی سەرپەرشتی ساڵناوی کوچی دوای شاعیر، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2007 .
7. سەروەر عبدالرحمن، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، دامەزراندن و دەست پێکردنەوەی شۆڕش 1975-1976، چاپی یەکەم، چاپی و پەخشی نەما، سلێمانی، 2002 .
8. سدیق بۆرەکەی ( سەفهی زادە ) مێژووی وێژەی کوردی - بەرگی سێیەم - چاپی یەکەم، هەولێر ، 2008 .
9. عبدالرحمان قاسملو، کوردستان کورد، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابۆری، وەرگێڕ، عبدالله حسن زادە، چاپی دووەم، کتێبفرۆشیی سۆران، هەولێر، 2006 .
10. عبدالله ئاگرین، شیعری سیاسی کوردی لەباشووری کوردستان لەیەکەم جەنگی گێتەوە تا ڕاپەرینی شەشی ئەیلوولی بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی، ( 1939 – 1919 )، چاپی یەکەم، 1996 .
11. عبدالله پەشێو، پشت لەنەوا رووله کریوە، شیعری 1965 - 1979 ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2006 .
12. عبدالله یاسین علی ئامێدی، هۆنراوەی بەرگری لەبەرهەمی چەند شاعرێکی کرمانجی سەروودا ( 1939 - 1970 )، لە بڵاوکراوەکانی کوردی زانیاری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر .
13. عیسی یزمان، نهێنی بەستنی پەیمانی 1975 ی لە ئەرشیفی تەواوی نهێنی ساواک، وەرگێڕانی: ناسر ئیبراهیمی، سوید، 1997
14. فاتح ڕەسول، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپی لە کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2005
15. فیبی مار مێژووی نوێ عێراق، وەرگێرانی: حەمە شەریف حەمە غەریب و شێرکۆ ئەحمەد هەوێز، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2011
16. د. کەوسەر عەزیز گەلاڵی، باشووری کوردستان لە ساڵی 1958 وە تا ئەمڕۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کاروان، هەولێر، 2009
17. مسعود عبدالخالق، موسوعەی جودی، بۆ چەمک و زاراوەکانی سەردەم، بەشی یەکەم، لەبلاوکراوەکانی نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە، ساڵی چاپ، ( 1428 ک – 2008 ز )
18. نەسرین ڕەئووف ئیسماعیل، ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر .

19. نەوشیروان ئەمین، لەکەناری دا نوبەوە بۆ خیری ناوزەنگ (دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق) 1975 - 1978 ، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، 1997 ، ل20 .
20. د. لقمان ڕەئوف، دەقی شعری لە ڕوانگەی سیمیۆلوییەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، 2016 ، لا 411 - 412 .

دووەم

ئینتەرنێت

1. ماڵپەری عەبدوڵا پەشێو www.Pashew.com